# جوانیناسیی عیرفانی لە شیعرە فارسییەکانی دیوانی "جەزبەی عیشق"ی خاڵسدا

**هونەر ئەنوەر مام سۆفی**

بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (جوانیناسیی عیرفانی لە شیعرە فارسیەکانی دیوانی "جەزبەی عیشق"ی خاڵس)دا، ئەم بابەتە، یەکێکە لەو بابەتانەی بەدرێژایی مێژووی عیرفان گرینگی زۆری پێدراوە، بەجۆرێک لە هەر سەردەم و لای هەر فەیلەسوفێک، تێڕامانی جیاواز بۆ خودی بابەتکە هەبووە، ئەمەش بۆ گرینگی و قووڵی بابەتکە دەگەڕێتەوە، کە وایکردووە، تێڕامانی جیاواز بێتە ئاراوە. لە لایەکیتر ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی جوانی لە ڕوانگەی عیرفان و دەرخستنی تێڕوانینی عاریفەکان لەم بوارەدا، کە ئەوانیش تێڕوانین و تێگەیشتنی تایبەت و جیاوازیان بۆ بابەتی جوانیناسی هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش لە سنوری ئەدەب تیشک دەخەینە سەر شیعرە فارسییەکانی خاڵس و دەرخستنی تێڕوانینە عیرفانییەکانی لە بارەی عیرفان و جوانیناسی عیرفانی. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی شیعرە فارسییەکانی خاڵس لە ژێر ڕۆشنایی تێڕوانینی عیرفانی، بەمەبەستی دەرخستنی ڕادەی کاریگەربون و پەیوەندی شاعیر بە عیرفانەوە و دەرخستنی لایەنەکانی جوانیناسی و تێڕوانینی شاعیر لەم لایەنە و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی جوانیناسیی عیرفانی لە نێو شیعرەکانیدا. هەروەها کارێکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەرخستنی ڕادەی توانای شاعیر لە دەرخستنی هزری عیرفانی و ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانیدا لەلایەک و دەرخستنی توانای شاعیر لە نوسینی شیعر بە زمانی بێگانە لەلایەکیتر، لە سەروی هەمووشیان نوسینی شیعری عیرفانی بەو زمانە، کە ئەمەش کارێکی قورسە، بۆیە توێژینەوەکە تواناو ئاستی لێهاتویی شاعیر نیشان دەدات لە نوسینی شیعر و توانای نوسینی شیعری عیرفانی بە زمانێکی بێگانە. کە ئەمەش پەیوەندی بە ڕادەی جیهانبینی شاعیر بە عیرفانییەوە هەیە.

**وشەسەرەکییەکان:** جوانیناسی، بون، حەقیقەت، عیرفان، شیعر.

## ١. پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (جوانیناسیی عیرفانی لە شیعرە فارسییەکانی دیوانی "جەزبەی عیشق"ی خاڵس)دا، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی جوانیناسیی عیرفانی، پاشان لای خاڵس و چۆنیەتی دەرکەوتنی لە نێو شیعرەکانیدا، دەرخستنی تێڕوانی شاعیر لە بارەی جوانییەوە. ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ تێگەیشتن لە جوانیناسیی عیرفانی.

سنوری کارکردنمان: سنوری کارکردنمان لە شیعرە فارسیەکانی خاڵسدا دەبێت، کە ئەویش تەنیا نیشاندانی لایەنی جوانیناسیی عیرفانییە.

**٢.١. هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:** دەکرێت هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە لە خاڵێک کورت بکەینەوە: ڕاستە کار لەسەر جوانیناسیی عیرفانی کراوە، بەڵام کار لەسەر جوانیناسیی عیرفانی لای خاڵس نەکراوە، بەتایبەتیش لەسەر شیعرە فارسییەکانی.

**٣.١. پرسیاری توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات وەڵامی چەند پرسیارێک بداتەوە.

- ئایا حەقیقەتی بون و بونی خودا لای خاڵس چۆنە و بونی خودا و هەبووەکانیتر چۆن دەبینێت ؟
- بابەتی جوانی لای شاعیر چییە و سەرچاوەکەی بۆ کوێ دەگەڕێنێتەوە ؟
- یەکێتی بون چییە و بە چ واتایەک دێت ؟
- ئایا لای شاعیر چ شتێک گونجاوتر و کاملترە بۆ دەرکەوتنی بون و جوانی خودا تیایدا ؟
- مەعریفە یاخود مەعریفەی خودایی لای شاعیر بە واتای چی دێت ؟ چ جۆرە مرۆڤێک گونجاوە بۆ وەرگرتنی ئەو جۆرە مەعریفەیە ؟

٤.١. لایەنی میتۆدۆلۆجی: ئەم توێژینەوەیە کارکردنە بە میتۆدی (وەسفی - شیکاری).

**٥.١. گرنگی توێژینەوەکە:** گرینگییەکەی لای کەسانێک، کە لە بواری ئەدەب بەتایبەتی لەلایەنی عیرفانی شارەزاییان هەبێت دەردەکەوێت، دەکرێت کەمتر لە لایەنی تیۆری گرینگی هەبێت، بەڵام ئەمەش گرینگی خۆی بۆ تێگەیشتن و کارکردن لەسەر شیعرەکانی خاڵس بەتایبەتی لە شیعرە فارسییەکانیدا هەیە ، کە پێشتر کارێکی لەم جۆرەی لەبارەیەوە نەکراوە دەربکەوێت.

**٦.١. چوارچێوەی توێژینەوەکە:**

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ١ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢٩ ئایار ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ١٠ تەمووز ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٠ شوبات ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە
ئیمەیڵی توێژەر: hunar.mamsofi@soran.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ هونەر ئەنوەر مام سۆفی، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp235-245

جگە لە پوختە و بەراپی، لە چەند تەوەرێکیتر پێکدێت، سەرەتا باس لە چەند بابەتێکی جوانیناسی کراوە لەوانە (بون و بوناسی، بوناسی عیرفانی)، دوای ئەوە دێینە سەرباسکردنی(حەقیقەتی بون و جوانی ڕەها لە عیرفاندا). پاشان بابەتی(دەرکەوتنی جوانی و حەقیقەتی بون لە گەردون و مرۆڤدا) خراوەتەڕو. دواتر باس لە مەعریفە کراوە ئەویش هەریەکە لە( مەعریفە و مەعریفەناسی و مەعریفەناسی عیرفانی) لە خۆ دەگرێت. دوای ئەوە دێینەسەر باسی جوانیناسیی عیرفانی لە شیعرە فارسیەکانی خاڵس کە هەریەکە لە( حەقیقەتی بون، حەقیقەتی بون و جوانی ڕەها، یەکێتی بون، دەرکەوتنی حەقیقەتی بون و جوانی لە گەردون و مرۆڤدا، مەعریفە و جوانی لە شیعرەکانی خاڵس) پێکدێت، پاشان ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕو.

## ٢. چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

### ١.٢. جوانی چییە؟

ئەگەر بمانەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە جوانی چییە، بەناچاری دەبێت پەنا بۆ پێناسەکانی جوانی ببەین، بۆ ئەم مەبەستەش ناتوانین پێناسەیەکی گشتگیر بخەینەڕو، چونکە ئەمەش بابەتێکە لە چوارچێوەی زانستە مرۆڤایەتییەکان، کە ناتوانرێت تەنیا یەک پێناسەی بۆ بخرێتەڕو، کە گشت کۆن و کەلێنەکان لە خۆ بگرێت و هیچ قسەیەک لە دوای خۆی بەجێ نەهێڵێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر کەسەو لە ڕوانگە و پسپۆڕی خۆی هەوڵی داوە پێناسەی بکات یاخود تێڕوانینەکانی خۆی بخاتەڕو. بابەتی جوانی یەکێکە لەو بابەتانەی کە پێناسەیەکی ئەوتۆی بۆ نەکراوە کە هیچ پرسیارێک دوای خۆی نەهێڵێتەوە، لەگەڵ ئەوەش بەدرێژایی مێژو لە گشت سەردەمەکان فەیلەسوف و بیرمەندان تێڕوانینی خۆیان لەمەڕ جوانی خستۆتەڕو، تا ئەمڕۆشی لەگەڵ دابێت لەگشت بوارەکان بایەخێکی زۆری پێدراوە و پسپۆڕانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، تا ئەو شوێنەی بۆمان بکرێت و لەتواناماندابێت بەگوێرەی سەردەم و قۆناغەکان چەند پێناسە و تێڕوانینی جیاواز لەم بارەیەوە دەخەینەڕوو. دیارە لەگەڵ هەرگۆڕانکاریەک کە لە کۆمەڵگادا ڕوودەدات چ لە پێشکەوتنی لایەنی شارستانیەت و یاخود سیستەمی سیاسی، ئەدەبیاتیش وەک بەرهەمی ئەو کۆمەڵگایە گۆڕانی بەسەردا دێت، لە سەردەمی ئەرستۆکراسی کۆن ئەدەب پەیوەست بووە بە ئەخلاق یان ئایین، بەڵام دوای گۆڕانی سیستەمی سیاسی بۆ دیموکراسی ئەدەبیاتیش ئاراستەیەکی نوێی وەرگرت، گرنگترین گۆڕانکاری سیستەمی دیموکراسی هونەر ڕوی کردە ڕازی کردنی خەڵک لەڕێگای وتاربێژی و فریودانی بەهۆی وێنە و میوزیک، وتاربێژە سۆفستاییەکان بەو ئاراستەیە کاریان دەکرد، کە جوانی و بەهای جوانی بە گشتی پەیوەست نییە بە بەهای مەعریفی و هەقیقی، هەروەها پەیوەست نییە بەبەهای ئەخلاقی یان ئایینی(مەتەر، ٢٠١٩: ١٦-١٧)

پرۆتۆگۆراس دیارترینی سۆفۆستاییەکانە کە تێڕوانینەکانی لەسەر جوانی دەربڕیوە پێیوایە: "جوانی بەرەهایی نەگۆڕ نییە و ناگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەیەکی خوداییانە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی ڕێککەوتنی خەڵک لەسەر پرس و بابەتەکانیان، پێیوایە هونەر چالاکییەکە بەهای جوانی خۆی لە وێناکردن و دەربڕینی نمونەی جوانی ڕەها بەدەست ناهێنێت، پێ بەخشراوێکی خوداییانە نییە، کە هونەرمەند بە تەنها پێی بەخشرابێت، کارامەییەکە بەشارەزایی و فێربون بە دەست دەهێنرێت" (مەتەر، ٢٠١٩: ١٩) واتە هونەر چالاکیەکە بە شارەزایی و فێربون بەدەست دێت، نەک بەشێوەیەکی ڕەها لە خواوەندەوە بەدەست بێت، ئەگەر وابووایە لەوکاتەدا ئەدەب و جوانی نەگۆڕ دەبون و لای هەمو کەس وەک یەک دەبو، چونکە سەرچاوەکەیان یەک دەبو.

دواتر یەکێک بەناوی گۆرگیاس دێت، تیۆرێک سەبارەت بەجوانی دادەهێنێت "گرینگی بەو کاریگەریانە دەدات کە جوانی هونەر دەیکاتە سەر هەستەکانی مرۆڤ"(مەتەر، ٢٠١٩: ٢١)، ئەو تێڕوانینە لە هەموویان گونجاوترە، کە پەیوەندی بە ئەزمونی هەستەکانەوە هەیە و ڕادەی جوانی هەرشتێک دەبەستێتەوە بەو ڕادەیەی چەندە دەتوانێت کار لە هەستەکانی مرۆڤ بکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەر دەقێک نەتوانێت کاریگەریی لەسەر هەستەکانی مرۆڤ دروستبکات ئەوا دەقێکی جوان نییە.

سوکرات جوانی بە بەکەڵک بوون دەبەستێتەوە "جوان بەکەڵک دادەنێت و پێی وایە هەتا شتە کرێتەکانیش دەتوانن جوان بن ئەگەر بەکەڵک بن"(شێخ‌محەمەد،٢٠١٢: ١٣٤)، ئەوەی لێرەدا دەبینین هەردو زاراوەی جوان و کرێتە، لە بنەڕەتدا ئەوەی ئێمە لێی تێگەیشتوین و براوەتەوە جوان هەر جوان بووە و کرێتیش پێچەوانەکەی بووە، بەڵام ئەوەی سوکرات دەیڵێت جیاوازە لەوەی ئێمە دەیڵێین، چونکە جیاوازی لەنێوان شتە جوان و کرێتەکان نییە، بەڵکو ئەوەیە هەرشتێک کەڵکی هەبێت جوان دەبێت با هەرچەندە کرێتیش بێت.

سوکرات، باوەڕی بە جوانییەکی کامل (جوانی ڕەها) هەیە، کە جوانییەکی فیزیکی نییە، جوانییە فیزیکیەکان بۆیە ڕێژەیین، چونکە هەریەکەیان پاژێکیان لەو جوانیە تێدایە، کە لە جوانیە بێ کەم و کورییەکەدا هەیە و شتێکیش نییە بە هۆیەوە بتوانین جوانییە ڕێژەییەکەمان پێ کامل بکەین، بۆیە بە ڕێژەیی دەمێننەوە (شێخ‌محەمەد، ٢٠١٢: ١٤١)، کەواتە سوکرات جوانییە فیزیکیەکان بۆ جوانی ڕەها دەگەڕێنێتەوە، بۆیە بە ڕێژەییان دادەنێت، چونکە هەڵگری بەشێک لە جوانییە ڕەهاکەن، کەواتە ئەو جوانییەی دەرکەوتووە، جوانییەکی ڕێژەییە.

ئەفلاتون کە فەیلەسوفێکی ئایدیالیە پێیوایە: سێ جیهانمان هەیە، جیهانی نمونەیی کە جیهانێکی تەواو و نەگۆڕە. جیهانی شتە هەستیەکان وێنەی جیهانی نمونەییە. جیهانی خەیاڵ و سێبەر، کە جیهانی کارە هونەریەکانە و لاسایی جیهانی دووەمە (الماضی، ٢٠١٠: ١٨)، بەو جۆرەی کە دەیبینین کارە هونەریەکان کە جیهانی سێیەمن، جیهانی خەیاڵ و سێبەرە لاسایی جیهانی دووەمە، ئەویش لاسایی جیهانی یەکەمە، کەواتە کارە هونەریەکان کە لە جیهانی هەستپێکراودا بونیان هەیە، ڕەنگدانەوەی جیهانی ئایدیایە (جیهانی نمونەییە)، بۆیە ئەفلاتون دەڵێت: "جوانی ڕاستەقینە لە جیهانی ماددەدا نییە، بەڵکو لە جیهانی باڵادایە، ئەو جوانیەش جوانیەکی ڕاستەقینەیە و ڕەهایە جوانیەکە ئەزەلی و ئەبەدییە بە درێژایی ڕۆژگار گۆڕان ڕێی تێنابات و کەم و زیاد ناکات" (حسێن، ٢٠١٨: ٤٣)، پێیوایە ئەو جوانیەی کەلە جیهانی باڵادا هەیە، جوانییەکە دورە لە هەر کەم و کوڕیەک، بۆیە بە سەرچاوەی جوانییەکانی هەژمار دەکات و هەمو جوانییەکان کە دەرکەوتون بۆ ئەو دەگەڕێنەوە، چونکە پێیوایە: هیچ شتێکی جوان بونی نییە، جگە لە جوانی ڕەها، هەر جوانێکیش بەو ڕادەیە جوانە، کە بونی لە جوانی ڕەهادا هەیە،(فایدۆن-ئەفلاتون،٢٠١٥: ٩٢)، کەواتە ئەفلاتون "سەرچاوەی جوانییەکانی بۆ خودا گەڕاندوەتەوە بەوەی هەمو وێنەیەکی هەستی تیشکدانەوەی جوانی خودایە"(ئەحمەد، ٢٠١٤: ٦٦).

ئەرستۆ لە کتێبە بەناوبانگەکەی(هونەری شیعر) باس لە جوانی دەکات و پێناسەی دەکات و دەڵێت: شتی جوان چ گیاندار بێت یان بێ گیان، سەرەڕای ڕێکوپێکی لە ڕێکخستنی بەشە پێکهێنەرەکانی، قەبارەکەشی دەبێت گونجاو بێت، چونکە جوانی

پەیوەستە بە ڕێکخستن و قەبارەیەکی تایبەتەوە، بونەوەری هەرە بچوک ناشێ جوان بێ چونکە بینینەکەی کاتێکی وای ناوێ ناتوانین بە ڕونی دەرکی پێ بکەین، هەروەها شتی هەرە زلیش، وەکو شتێ کە بۆ نمونە هەزار میل درێژ بێ، چونکە چاو ناتوانێ هەموی بە یەکجار وەربگرێ، ئیتر تەماشاکەر هەست بە یەکێتی و تەواویەکەی ناکات (ئەرستۆ، ٢٠١١: ٣٣-٣٤) ئەرستۆ لە جوانی شتەکان سەرەڕای ڕێکوپێکی پێکهاتەی شتەکان، قەبارەکەشیان گرنگی زۆری لە جوانییەکەیاندا هەیە ، چونکە دەست نیشانکردنی جوانی پەیوەستە بە هەستەکانی مرۆڤەوە، بەتایبەت هەستی بینین، کە بووە بە پێوەر بۆ دیاریکردنی جوانی.

چێژ وەرگرتن لە جوانی لەلای کانت جیاوازە لە چێژ وەرگرتن لە شتەکانیتر، پێی وایە: چێژ وەرگرتن لە جوانی بە پێچەوانەی چێژ وەرگرتنە لەو بابەتانەی کە ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەمان ڕوبەڕوی دەبینەوە، چێژ وەرگرتن لە جوانی بە پێچەوانەی چێژ وەرگرتنە لە خواردن، بەرژەوەندی چێژ وەرگرتنەکەی تێدا نییە و تێری ناکات(کەمال، ٢٠١٧: ٢٧٥)، واتە ئەو گوڵە جوانە تەنیا چێژی لێ وەردەگرین، بەڵام کاتێک خواردنێک دەخۆین هەم چێژی لێ وەردەگرین و هەم تێرمان دەکات، بۆیە بە هۆی ڕوانینێک چێژ لە جوانی گوڵێ وەردەگرین، بەڵام ناتوانین بەهۆی ڕوانینێک چێژ لە خواردنێک وەرگرین، چونکە بەرژەوەندیمان لە خواردنی هەیە. کانت هەوڵی داوە یاسایەکی لە پێشتر و پەتی بۆ زانست و ئیستاتیک دابمەزرێنێت. چونکە زانست پێویستی بە یاسایەکی هەمەکی نەگۆڕە، نەک چێژ وەرگرتنی هەندەکی (کەمال، ٢٠١٧: ٢٧٨-٢٧٩) ئەمەش وایکردوە لەجیاتی ئەوەی پێوەری جوانی پەیوەست بێت بە چێژ وەرگرتنی تاکە کەسی، پێوەرێکی هەمەکی بڕیار دەدات و لە بەرژەوەندی بەدەر دەبێت، بەسەر هەمو تاکێکی دەسەپێنێت.

## ٢.٢. ئیستاتیکا

ئیستاتیکا لە سەدەی هەژدەم، لەلایەن "فەیلەسوفی ئەڵمانی ئەلیکساندەر بومگارتن لە ساڵی (١٧١٤-١٧٦٢) وەکو لقێکی سەربەخۆی فەلسەفە ناسێنرا، باومگارتن ئەم زاراوەی لە کتێبی( ئیستایکا)دا شیکردوەتەوە کە لە نێو زانستە مرۆڤایەتییەکاندا سەربەخۆیی بە زانستی جوانی بەخشی، باومگارتن پێیوایە جوانی بریتیە لە دەرککردن لە ڕێگەی هەستەکانەوە" (ئەسوەد،٢٠١١: ١٨٨) کەواتە باومگارتن باوەڕی وایە جوانی لە ڕێگەی هەستەکانەوە دەرکی پێ دەکرێت، واتە تا سەردەمی باومگارتن جوانی وەکو چەمک مامەڵەی لەگەڵ کراوە، بەڵام دوای ئەوە جوانی ناسی وەکو زانست ناسێندرا.

زانای ئەڵمانی فریدریک هیگل دەڵێ: "ئیستاتیکا بریتییە لە فەلسەفەی هونەر یان بریتییە لە فەلسەفەی هونەرە جوانەکان" (حسێن، ٢٠١٨: ٣٦)، کەواتە بەگوێرەی ئەم پێناسەیە بێت، هەریەکە لە هونەر و جوانی خۆیان لە چوارچێوەی ئیستاتیکا دەبیننەوە، ئیستاتیکا وەکو لقێک لە فەلسەفە ڕۆڵی لێکۆڵینەوەیە لە جوانی لە لایەک و لێکۆڵینەوە لە هونەر لە لایەکیتر دەبێت.

ئەگەر سەیری پێناسەکان و لێکۆڵینەوەکان بکەین، کە لەبارەی ئیستاتیکا خراونەتەڕو، جوانی بنەمای کاری هونەری و کەرەستەی سەرەکی ئیستاتیکایە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئەم زانستە تەنیا تایبەت بێت بە جوانی، چونکە ئەم "زانستە تەنها لە جوانی ناکۆڵێتەوە بەڵکو لە دزێویش دەکۆڵێتەوە" (مستەفا، ٢٠٠٩: ٢٣)، مانای وایە جوانی و دزێوی بابەتی لێکۆڵینەوەی ئیستاتیکان.

## ٣.٢. بون و بوناسی

یەکێک لەو بابەتە گرنگانەی کە فەلسەفە گرنگییەکی زۆری پێداوە و جێگای زۆرترین پرسیار بووە، ئەویش مەسەلەی (بون)ە. چ لە لایەنی چییەتی یاخود واتاکەی. ئێمە وا بەباش دەزانین لە جیاتی ئەوەی زیاتر خۆمان بە پێناسە کردن یاخود چۆن پێناسە کراوە پاشان یەکلایکردنەوەی ئەوەی ئایا بون پێناسە دەکرێت یاخود نا ؟ هەوڵمان داوە ئاماژە بە چەند ڕەوتێک بدەین لە فەلسەفە، کە کاریگەرییێکی زۆریان لە مەسەلەی دەست نیشانکردن و دیاریکردنی جەوهەری (بون) هەروەها (بون و هەبووەکان) هەیە، ئەوانیش هەریەکە لە (ئۆنتۆلۆجی) و (میتافیزیک)ە. چونکە "هەر لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە فەیلەسوفان بەسەر ئەم دو فێرگەیەدا دابەش بونە و پێیان وایە کە لەم دو وەڵام و بۆچونانە هیچ وەڵام و بۆچونێکی دیکە لە ئارادا نییە گەر هەش بن یان ئایدیالیستیانە یان ماتریالیستیانەیە" (کەمال،٢٠١١: ١٣)، بەڵام بەر لەوەی باس لە هەریەکێک لەم ڕەوتانە بکەین، دەبێت تێگەیشتنمان بۆ هەریەکە لە چەمکەکانی (بون) و( هەبو) هەبێت، ئایا هەردوکیان یەک شتن یاخود دو شتی جیان لە یەکتری؟ دەبێت سەرەتا ئەوە بزانین، بون، هەبو نییە، بۆ نمونە مێزەکەی بەردەستمان هەبو یان شتێکە هەیە و من هەستی پێدەکەم و دەزانم لە چی دروست کراوە، بۆچی بەکاردێت، لە هەمان کاتدا ناتوانم مێزەکە بەبون دابنێم، چەندە لەبارەی مێزەکە بزانم ئەو زانینە سەبارەت بە خودی بون نییە، ئەمەش ئاماژەکردنە بۆ جیاوازییەکی بنەڕەتی نێوان بون و هەبو...هتد، ئەگەر لەو بڕوایە دابین بیرکردنەوە لە هەبووەکان لەسەر ئەزمونی هەستەکی دادەمەزرێت، دواجار بیرکردنەوەکە دەبێتە بیرکردنەوەیەکی زانستیانە، ئەم بیرکردنەوەیە ناتوانێت بون بناسێنێت. زانینی زانستیانە هەمیشە ڕو لە هەبووەکان دەکات، لەبەر ڕۆشنایی پەیوەندیە هۆکارەیەکان لە واتاکانیان تێدەگەن و خۆیان لە بون نا گەیەنن، سەرباری ئەمە ناتوانن بۆ ناسینی (بون) پەنا بۆ بڕوا بەرین، هەرچەندە بڕوا لەسەر جۆرێک زانین دادەمەزرێت... بڕوا بانگەشەی دوا ڕاستی و دوا قۆناغی بیرکردنەوە دەکات. (کەمال، ٢٠١٤: ٩). کەواتە ئەم تێڕوانینە گەیشتن بە بون پەیوەست دەکات بە لایەنی بڕواکردن نەک ئەزمون و هەستەکان. ئەوەی لە ڕێگەی هەستەکانەوە پێی دەگەین زیاتر لە هەبووەکان نزیکمان دەکاتەوە نەک لە بون.

ئەگەر بێینە سەر ئەو ڕەوتانەی کە مەبەستمان بو باسیان بکەین، ڕەوتی یەکەم ئۆنتۆلۆجیە. ئەم ڕەوتە بە دژە گۆڕان ناسراون و بون بە نەگۆڕی هەژمار دەکەن. ئەم دژە نەگۆڕیەشیان زیاتر بۆ بون دەگەڕێتەوە، پێیانوایە ئەوە بونێکی ماددی نییە دەبێتە بناغەیەکی سەرتاپاگیر و یەکبونی هەمو هەبووەکان، کە هەر هەبوێک بەشێک لە بونە بنەڕتییەکەیان بەرکەوتووە، بەڵام ئەمە بەمانای دابەش بون نایەت و لە بونە بنەڕەتیەکە کەم نابێتەوە و بەبێ گۆڕان دەمێنێتەوە. لەلایەکی دیکەوە هەبووەکان گۆڕانکاری لە بونە بنەڕەتیەکە ناکەن و هیچ لایەنێکی کەم یان زۆر ناکەن. ئەم بونە شتێک نییە لەکۆن هەبوبێت ئێستا لە ناو چوبێت یان گۆڕانی تێکەوتبێت. بەڵکو هەمیشە بەبێ گۆڕان دەمێنێتەوە، ئەمەش پێچەوانەی هەبووەکانە کە زۆر جۆریان هەیەو لەیەک جیاوازن و بەڵام لە بنەڕەتێکەوە هاوشێوەن کە بونە.( کەمال، ٢٠١٤: ٢٦). کەواتە لەڕوانگەی ئەم ڕەوتە بون شتێکی ماددی نییە، بونێکی نەگۆڕە، هەمیشەییە، هەر هەبووە و دەبێت، گۆڕان ڕێی تێنابات. واتە یەک بونی نەگۆڕ کە جەوهەرە، بەڵام دەرکەوتە (هەبو)ی جۆراوجۆر کە لە بنەڕەتەکەدا هاوبەشن.

دواتر ڕەوتی میتافیزیک سەر هەڵدەدات، ئەوان ڕەوتی گۆڕانن. ئەم ڕەوتەش بە دوای بنەڕەتی هەبووەکاندا دەگەڕێت، بەجۆرێک ئەوان بە پێچەوانەی ئۆنتۆلۆجیەوە ئەو بنەڕەتە بەبون دانانێن، یەکێک لە هەبووەکان دەکات بە بنەڕەت و سەرچاوە... ئەفلاتون کە دامەرێنەری میتافیزیکە، بەبڕوای ئەوان ئەو توخمانەی بەبنەڕەتی هەمو

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp235-245

شتێک دانراون لەودیو شتەکانەوە نین و ماتەرن... ئەو هەبووەی بەبنەڕەتێکی لە بنەڕەت بەدەر داناوە، ئەمجۆرە هەبووە بەرزە لەبەر ئەوەی لە ژوور هەبووەکانەوەیە، دەکەوێتە ژوور دەستەڵاتی زانینی هەستەکیەوە و دەبێت بە جەوهەری هەبووە هەندەکیەکان، هەموو هەبووە هەندەکیەکان بەشداری جەوهەرە هەمەکیەکە دەکەن و دەبن بە وێنەی وەرگیراوی ئەو جەوهەرە(فۆرم) (کەمال،٢٠١١: ٣٢-٣٣). بیرکردنەوەی سەردەمی میتافیزیک پێچەوانەی سەردەمی ئۆنتۆلۆجیە، گۆڕان بەسەر جەوهەر و بنەرەت دادێت، کەلتورێکی نوێ دێنێتە کایەوە، ئەگەر تا ئەو سەردەمە بون بنەڕەتێکی نەگۆڕبێت، هەروەها بنەڕتی هەمو هەبووەکانیش بوبێت، ئیتر بنەڕەتەکە لە بونەوە دەگۆڕێت بۆ هەبو. هەبوێک دەبێت بەبنەڕەتی هەبووەکانی دیکە. واتە چۆن لای ئۆنتۆلۆجیەکان بون جەوهەری هەبووەکانە و بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە، بە هەمان شێوە لای میتافیزیکەکان ئەو هەبووە بنەڕەتەی کەبووەتە جەوهەر، هەبووەکانی دیکە وێنەی ئەون. هەبووە بنەڕەتەکە دابەش دەبێت بەسەر هەبووەکان، بەبێ ئەوەی فۆرمە جەوهەریەکە لەناوبچێت و لێی کەم ببێتەوە، چونکە فۆرمێکی کامل و تەواوە وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

کەواتە ئەوانەی بون بە جەوهەر دەزانن ئەو بونە بە نەگۆڕ و تەواو هەژمار دەکەن بەبێ گەرانەوە بۆ جیهانی ماددە. ئەوانەی هەبوێک بەجەوهەر دەزانن ئەو هەبووە بە فۆرمێکی کامل و نەگۆڕ هەژماردەکەن، واتە فۆرمێکی بەرز و باڵا لە جیهانی ماددەدا. زۆربەی ئەو فەیلەسوفانەی قسەیان لەسەر جەوهەری بون کردووە، تێڕوانینەکانیان لە ڕوانگەی ئەم دو ڕەوتە دەربڕیوە.

### ٤.٢. بوناسی عیرفانی

وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد لە بوناسیدا هەر ڕەوتێک لە هەوڵی ناساندنی بون و دیاریکردنی بنەڕەتی بوندایە، بەهەمان شێوە بوناسی عیرفانیش شتێکی جیاوازتر لەمە ناکات و لە هەوڵی ناساندنی بون و دەستنیشانکردنی بنەڕەتی بوندایە، بەڵام هەم لەبارەی بون و هەمیش لەبارەی بنەڕەتی بون، خاوەنی جۆرێک لە تێگەیشتنی تایبەت بە خۆیەتی، کە بنەمای بوناسی خۆی لەسەر بنەمای ڕاڤەو لێکدانەوە و تێگەیشتن بۆ بون بنیاد دەنێت...کەواتە "بون لە عیرفاندا بونێکی بنەڕەتی لە بنەڕەت بەدەرە بەو واتایەی بنەڕەتی بونی خۆی پێویستی بە هیچ شتێکی تر نییە، خۆی بنەڕەت و سەرچاوەی هەمو شتێکە و بونی هەمو شتێکی لەسەر وەستاوە، هەمو بونەوەرەکانی تر دەرکەوتنی ئەو بونەن" (حسێن، ٢٠١٨: ٨٥-٨٦) ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێ کە لە عیرفان هەمو هەبووەکان دەرکەوتەی بونێکن، هەر ئەو بونەش بە جەوهەر و بونە بنەڕەتیەکە دادەنرێت. جگە لەمە هەمو هەبووەکانیتر بۆ ئەم بونە دەگەڕێنەوە، ئەمە لای عریفان باوەڕبونە بە یەکێتی بون و نەمانی جیاوازی لە نێوان بون و هەبو، تەنیا باوەڕبون بەیەک بون کە بونە بنەڕەتییەکەیە، ئەم بونەش بونی خودایە کە بونێکی ڕەهایە، بۆیە عاریفان بنەڕەتی بون بۆ یەک بون دەگەڕێننەوە، ئەو بونەش (واجب الوجود)ە بونێکی زەروریيە، بونێکی تاک و تەنیایە و پێویستی بە هیچ شتێک بۆ بونی خۆی نییە ، ئەویش بونی ڕەهایە، جگە لەوەش هەمو هەبووەکان بەدەرکەوتەی ئەو بونە دەزانن کە بونی خودایە.

### ٥.٢. حەقیقەتی بون و جوانی ڕەها لە عرفاندا

لە عیرفاندا کاتێک باس لە بون دەکرێت، لە پاڵ ئەمە بابەتی جوانی دێتە گۆڕێ واتا "باسی جوانی لە عیرفاندا پەیوەستە بە باسی بون و حەقیقەتی بون و بونی ڕەها لە هەمان کات حەقیقەتی جوانی و جوانی ڕەهاشە هەمو جوانیەکان بۆ ئەو بونە دەگەڕێنەوە، بۆیە ئەگەر کاری بوناسی عیرفانی هەوڵدان بێت بۆ گەیشتن بەبون، لە ڕاستیدا هەوڵدانیشە بۆ گەیشتن بە جوانی ئەو بوونە... چونکە جوانیەکەشی بەشێکە لەو بونە" (حسێن، ٢٠١٨: ٨٥). چۆن پێشتر لە بابەتی بوناسی عیرفانی ئاماژەمان بە بون کرد، کە بونێکە سەرچاوە و بنەڕەتی هەمو هەبووەکانە، بونێکە لە بنەڕەت بەدەرە، بۆ بونی خۆی پێویستی بە هیچ شتێکی تر نییە، ئەم بونەش بریتییە لە بونی خودا، کە بونێکی زەروریە واتە "خودا چونکە (واجب الوجود)ە مەوجودێکی (ئەزەلی) و ئەبەدییە" (ئەحمەد، ٢٠١٤، ١٤٥). واتە بونی خودا بونێکە ئەزەلی و ئەبەدییە، هەر هەبووە و هەردەبێت، هەمیشە یەک دۆخی هەیە و دورە لە هەر گۆڕان و ناتەواویەک، بۆیە خودا خاوەنی سیفەتی کەمالە.

لە عیرفاندا بون دو واتا لە خۆ دەگرێت "یەکەمیان: بریتییە لەو بونەی کە هەمیشە داماڵراوە لە گۆڕانکاری و هەمو جۆرە ناتەواوی و کەم و کورتییەک. دووەمیان: ئەوشتەی کە ئەسڵ و بنەڕەتی هەمو شت و بونەکانە" (زەند، ٢٠١١: ٧١) تاکە بونێک دور بێت لە گۆڕانکاری و هەمو جۆرە ناتەواویەک و بونێک بێت خاوەنی سیفەتی کەمال بێت، جەوهەر و بنەڕەتی هەمو هەبووەکانی تر بێت، ئەو بونە تەنیا بونی خودایە، چونکە هەمو ئەو تایبەتمەندیانە تەنیا لە بونی خودادا هەن، بۆیە بنەڕەتی بون لای عاریفان "بونی خودای باڵا دەستەو سەرجەم جیهانیش بوونێکی دەرکەوتو و نمایشکراو دەنوێنێ، کە لەسەر ئەو بونە حەقیقیە وەستاوە" (شکار، ٢٠١٤: ١٠٩). گوتمان بونی خودا بنەڕەتی هەمو هەبووەکانە، بونێکی ڕەهاو نەگۆڕە، خوداش خاوەنی سیفەتی جوانییە، کەلە نێو ناوە پیرۆزەکانیدا هاتووە، کەواتە "بونی خودی جوانی و خودی حەق خودایە"(حسێن، ٢٠١٤: ٩٢). واتە سیفەتەکەشی بەشێکە لە زاتی خۆی. کەواتە بنەڕتی بون خودایە خوداش خاوەنی سیفەتی جوانییە، بۆیە خودا هەم حەقیقەتی بون و بونی ڕەهایە، هەمیش حەقیقەتی جوانی ڕەهایە.

### ٦.٢. دەرکەوتنی جوانی و حەقیقەتی بون لە گەردون و مرۆڤ

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت "وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ" (لقمان، ٢٥)ئەگەر لێیان بپرسی کێ ئاسمان و زەوی دروست کردووە لە وەڵامدا دەڵێن خودا(الله)، کەواتە خودا ئاسمان و زەوی دروست کردووە، بە هەموو ئەو شتانەی تێیدا هەیە. وەکو گوتمان لە جیهانی عیرفان تەنیا یەک بون بونی هەیە و بونێکی ڕەهاو تەواو و نەگۆڕە ئەویش بونی خودایە. هەر وەکو لە ئایەتەکەدا هاتووە خودا ئاسمان و زەوی دروست کردووە، لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە، ئایا هەمو ئەو شتانەی لە نێو ئاسمان و زەوی بونیان هەیە چین؟ "هەمو گەردون و ئەوەی لە گەردوندا هەیە بە هەبو ناو دەبرێن و مەوجودن و هەمو مەوجودێکیش دەبێت وجودێکی هەبێت و سەرچاوەی بون و وجودی هەمو هەبو و مەوجودەکان خودی خودایە" (زەند، ٢٠١١: ٧٥)، لە عیرفاندا ئەمە باوەڕبونە بە یەکێتی بون (وحدة الوجود)، باوەڕیان وایە: تەنیا یەک بون هەیە، ئەویش زاتی حەق (خودا)یە، کە حەقیقەتی بون و بونی ڕەهایە هەمو هەبووەکانی تر دەرکەوتن و سێبەری ئەون (حسێن، ٢٠١٨: ٩٤). ئەگەر هەمو هەبووەکان دەرکەوتەی بونی ڕەها(خودا) بن، خوداش خاوەنی سیفەتی جوانییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت گەردونیش جوانە، چونکە جوانی خودا لە هەمو هەبووەکان ڕەنگی داوەتەوە، کەواتە ئەم یەکێتی بونە یەکێتی بونی جوانیشە، جگە لەمەش گەردون تەجەلای جوانی خودایە.

لە نێو هەمو دروست کراوەکان، کە جوانی خودا تیایاندا ڕەنگی داوەتەوە مرۆڤ کاملترینیانە وەک لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە و دەفەرموێت "لَقَدْ خَلَقْنَا الإنْسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ" (التين، ٤)، ئێمە مرۆڤمان دروست کردووە لە جوانترین شکل و شێوازدا.

ئەمەش مانای ئەوەیە مرۆڤ کاملترین و جوانترین دروستکراوی خودایە، کە خودا "لەوپەڕی کەمالی جوانی خۆی لە مرۆڤدا تەجەللا کردووە و دەرکەوتووە، بۆیە ئەوپەڕی کەمالی جوانی خودا لە مرۆڤ دەرکەوتووە و ڕەنگی داوەتەوە" (حسێن، ٢٠١٨: ١٠٠).واتە مرۆڤ دەرخەری تەواوی جوانی خودایە لەنێو تەواوی دروست کراوەکانیدا.

### ٧.٢. مەعریفە و مەعریفەناسی

مەعریفە لە ڕووی زاراوەوە: وشەی مەعریفە لە بنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبییە چاوگی ئەم وشانەیە (عرف) و (یعرف) و (عارف) کەبەمانای (ادرک)یش دێت. لە زمانی کوردیدا دەشێت دو مانای هەبێت، مانای یەکەم (زانین) knowledge دەگەیەنێت، مانای دووەم زانیاری یان زانست episteme دەگەیەنێت. هەروەها تیۆری مەعریفە یان زانستی مەعریفە واتە epistemology بەعەرەبی (النظریة المعریفة)یان(علم المعریفە)، epistemology لە دو بەش پێکدێت episteme واتە زانیاری یان مەعریفە logy یان logos واتە تیۆر یان زانست. (ئەسوەد، ٢٠١١: ٣٥-٣٦-٣٧ ).
لە ڕوی چەمکەوە هەوڵدەدەین چەند پێناسەیەک بخەینەڕو، لەوانە مەعریفە واتە: زانینی شت بەو شێوەیەی کە هەیە، واتە لەسەر حەقیقەتی خۆی،زانستیش بەهەمان شێوە، ئەوەی کە مەعریفە دوای نەزانین دێت... بە پێچەوانەی زانست (وەرتی، ٢٠١٦: ١٧). بەپێی ئەم پێناسەیە بۆ دەستکەوتنی مەعریفە لەبارەی شتێک دەبێت مامەڵە لەگەڵ خودی شتەکە بکرێت، یاخود مامەڵە لەگەڵ حەقیقەتی شتەکان بکرێت، جا ئەو مامەڵەیە عەقڵی یان هەستی یاخود دەرونی بێت.
لە پێناسەیەکی ترداهاتووە مەعریفە بریتییە: "لە کۆی هەمو ئەو شارەزایی و پسپۆڕی و داهێنانەی نەوە یەک لەدوا یەکەکانی ئەندامانی کۆمەڵگا، لە ماوەی هەمو مێژوی کۆمەڵگادا لە ئەنجامی چالاکییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانیاندا وەدەستیان هێناوە و کەڵەکە بووە بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانە بەکاری دێنن" (میران، ٢٠١٢: ٩). ئەم پێناسەیە مەعریفە وەک چالاکیەکی تایبەت بە مرۆڤ سەیردەکات، واتە هەموو جۆرەکانی مەعریفە لە هەموو ئاستەکان بە درێژایی مێژوی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە. جگە لەمەش مەعریفە هەوڵدان و چالاکی پێویستە بۆ بەدەستهێنانی، هەروەها لەخۆوە سەرهەڵنادات.
ئەرکی مەعریفەناسی ئەوەیە "یەکە یەکە بەتەنیا زانستەکان بخاتە ژێر لێکۆڵینەوەی خۆی تاوەکو لە ئەگەر و شێواز و ئەنجامی ئەو زانستانە بکۆڵێتەوە، لەهەمان کاتیشدا چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە ئاراستەیان بکات بەبێ دروستکردنی هیچ ئیشکالیەتێک لەمەسەلەی میتۆدگەرایی و تیۆری مەعریفیدا" (ئیسماعیل، ٢٠١٢: ١٩).

### ٨.٢. مەعریفەناسی عیرفانی

مەعریفەناسی عیرفانی بەهەمان شێوە کار لەسەر بەدەستهێنانی مەعریفە دەکات، هەروەها گرنگی بە سروشت، ئامرازەکانی بەدەستهێنان و سەرچاوەی مەعریفە دەدات. لێرەدا پرسیارەک دێتە پێشەوە، ئایا ئەو موعریفەیەی، کە مەعریفەناسی عیرفانی هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات هەمان مەعریفەیە یاخود مەعریفەیەکی ترە؟ ئەوەی ئامانجی ئێمەیە لێرەدا کاری لەسەر بکەین جوانیناسیی عیرفانییە، چۆن مەعریفەی عیرفانی درک بە جوانی دەکات؟ بەچ شێوازێ پێی دەگات. بەر لەوەی دەست بکەین بە وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانە، دەبێت سەرەتا ئاماژە بە دو شت بکەین، یەکەم: مەعریفەی مرۆڤ کە مەعریفەیەکی ڕێژەیی هەیە. دووەم: مەعریفەی خودا کە مەعریفەیەکی ڕەهایە. ئێمەی مرۆڤ کە خاوەن مەعریفەیەکی ڕێژەیین لە بەشێک لە مەعریفەی ڕەها تێدەگەین، چونکە "ئەوەی لە قورئان دەیڵێت لەسەر بون کۆمەڵێک بنەمای سەرەکی عیلم و زانینی خودایە نەک هەمو زانینی خودایی، چونکە بەشێک لەم زانینە ڕەهایەی خودا لەناو سروشت و گەردوندایە و ئێمە بە ئەزمونکردنی ژیان بەری دەکەوین" (عەلی و قەرەداغی، ٢٠١٢: ١٧٤-١٧٥)، کەواتە جگە لەو بەشەی مەعریفە کە ئێمە لە ڕێگەی قورئانەوە لەسەر مەعریفەی ڕەها یاخود مەعریفەی خودا پێی گەیشتوین، وردە وردە لە نێو کات بەهۆی بەرکەوتن و ئەزمون کردنەوە بەبەشەکەی تری دەگەین. بەڵام هەرچی خودایە مەعریفەی لەسەر کۆی شتەکان هەیەو دەیاناسێت، خودای گەورە دەفەرموێت "قُلْ إِنْ تُخْفُوا مَا فِي صُدُورِكُمْ أَوْ تُبْدُوهُ يَعْلَمْهُ اللَّهُ وَيَعْلَمُ مَا فِي السَّمَوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ" (آل عمران: ٢٩)، هەر شتێک لە سینگتاندا لە دڵتاندا بشارنەوە یان ئاشکرای بکەن، خوای گەورە عیلم و زانیاری پێیە و ئاگای لێیە، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی هەیە، خوای گەورە زانیاری بە هەموی هەیە، خودا توانا و دەستەڵاتی بەسەر هەمو شتێکدا هەیە. کەواتە خودا زانیاری لەسەر تەواوی شتە دیار و نادیارەکان هەیە. واتە خودای گەورە زانیاری پێش وەختەی لەبارەی هەمو شتەکان هەیە، نەک وەکو مرۆڤ پاش وەختە و دوای ئەزمونکردن، خودای گەورە زانیاری ورد و درشتی دەربارەی تەواوی شتەکان هەیە. "وَيَعْلَمُ مَا فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَمَا تَسْقُطُ مِنْ وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلَا حَبَّةٍ فِي ظُلُمَاتِ الْأَرْضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُبِينٍ" (الانعام: ٥٩)، هەرچ لە وشکانی و لە دەریادا هەیە خودا زانیاری بە هەمووی هەیە، گەڵای هیچ دارێک هەڵناوەرێ ئیلا خودای گەورە زانیاری پێیە، هیچ تۆ و دانەوێڵەیەک نییە لە تاریکی و ناخی زەویدا هیچ شتێکی تەڕ یان وشک نییە ئیلا خودا لە ( لوح المحفوض)دا باسی هەموی کردووە و زانیاری پێی هەیە. کەواتە خودا مەعریفەی ڕەهای هەیە لەسەر تەواوی دروست کراوەکانی چ لە ڕوی شێوەی شتەکان یاخود ناخیان. یان لە ڕودانی شتێک چ لە ڕابردو بوبێت یان لە ئێستادا یاخود لە داهاتووبێت. هەمو شتێک ڕون دیارە و هیچ شتێک لەلای شاراوە نییە.
لە عیرفاندا مەعریفە ناوەکییە و پێویستی بە خۆ پاککردنەوە هەیە، ئەوکەسەی خوازیاری بەدەست هێنانییەتی دەبێت خۆی لە سیفەتە مرۆییەکان بەدور بگرێت و خۆی لە سیفەتە خوداییەکان نزیک بکاتەوە، دەبێت هەرچی حەزو ئارەزو و سیفەتی خراپە سەرکوتیان بکات و خاوەنی دڵ و دەرونێکی پاک بێت، کە جێگای ئەوە بێت ئەو مەعریفەی تێدا جێ ببێتەوە.
ئەگەر مەعریفەی عیرفانی هەوڵێک بێت بۆ گەیشتن بە یەکتای جیهان ئەوا "هەر مەعریفە و ناسینێک کە عاریف پێی دەگات، شتێک نییە جگە لە ڕەنگدانەوەی شکۆمەندی و جوانی خودا لە چاو و دڵی عاریفدا، چاو و دڵێک کە بەبەرنامە سلوکییە تایبەتەکان لە ژەنگ داماڵراوە و پاک و سافکراوەتەوە" (حسێن، ٢٠١٨: ١٠٩)، دەبێت دڵێک بێت ئامادەی ئەوەبێت ببێت بە نیشینگەیەک بۆخودا، دڵێکی پاک کە بتوانێت نوری خودا هەڵگرێت.
وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد مەعریفەی عیرفانی ناوەکیە، کەواتە سەرچاوەکەشی دڵە، لە ئاینی ئیسلام دڵ گرنگیەکی زۆری پێدراوە ئەمەش لە چەندین ئایەت و فەرمودە ڕەنگی داوەتەوە، خودای گەورە لە فەرمودەیەکی قودسیدا دەفەرموێت "ما وسعنی ارضی ولا سمائی و وسعنی قلب عبدی المؤمن" واتە ئەرز و ئاسمان جێگەی منی تێدا نابێتەوە، بەڵام دڵی بەندەی خاوەن باوەڕ جێگەی من تێدا دەبێتەوە (نەقشبەندی، ٢٠١٥: ٣٣١).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp235-245

عاریفێکی وەکو (تستری) لەبارەی دڵەوە دەڵێت "خوای باڵا دەست لە عەرشەوە تا سەر زەوی هیچ شوێنێکی دروست نەکردووە ئازیزتر بێت لە دڵی مرۆڤ، لە بەخشینەکانیشدا هیچ شتێکی پێنەداوە هێندەی مەعریفە گرانبەها و بەنرخ، بێگومان شتی بە نرخ لە شوێنی ئازیز و بەڕێزدا دادەنرێت، هەر بۆیە ئەگەر شوێنێکی ببوایە لە دڵی مرۆڤ ئازیزتر و بەڕێزتر ئەوا خودای گەورە مەعریفەی خۆی لەوێ دادەنا" (حسێن، ٢٠١٨: ١١٧)، کەواتە عیرفان گەڕانە بەدوای حەقیقەتی بوون، ئەوەی عاریفیش پێی دەگات شتێک نییە جگە لە شکۆمەندی و جوانی خودا، سەرچاوەی بەدەستهێنانی ئەو مەعریفەیەش بریتییە لە دڵ.

لە عیرفاندا دڵ سەرچاوەی بەدەستهێنانی مەعریفەیە، بەڵام ئەوەی دڵ ئاراستە دەکات بۆ بەدەستهێنانی ئەو مەعریفەیە بریتییە لە عیشق، لە عیرفانی ئیسلامی عاشق بون بە جوانی هۆکاری هاتنەبونە، ئەمەش لە ژێر ڕۆشنایی ئەو فەرمودە قودسیەی کە خودای گەورە دەفەرموێت "من خەزێنەیەکی شاراوە بوم، حەزم لێ بو بناسرێم، جا بۆیە خەلیقەتم بەدی هێنا" (رواندی، ٢٠٠٤: ٩٨). کەواتە ئەو عیشقەی خوداوەندە بووەتە هۆکاری هاتنەبون و تەجەللا بونی ئەو خەزێنە شاراوەیە. چونکە "حوسنی ئەزەلی خواوەندی کە خەزێنەیەکی شاراوە بو، کاتێک کە تەجەللی کرد، ئەم تەجەللییە کە لە واقیع دا تەجەللی عیشق بو، بو بە هۆی ئەوەی ژیان و جیهان و کاینات پەیدابێ" (رواندی، ٢٠٠٤: ٩٨). واتە هێنانەبونی دروستکراوەکان بریتییە لە دەرکەوتنی ئەم خەزێنەیە، چونکە خودا عاشق بە جوانی و جەمالی خۆی بو، بۆیە ویستویەتی ئەم خەزێنە شاراوەیە دەربخات، خودا کە عاشقی جوانی خۆی بووە، لێرەدا عیشق و عاشق و مەعشوق هەرسێکی لە زاتی خۆیدایە. کەواتە پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان عیشق و جوانیدا هەیە. مرۆڤ ئەو کاتە دەتوانێت عاشق بە شتێک بێت کە شتەکە باش بناسێت و پێی ئاشنا بێت، لێرەدا "عیشق تاکە ڕێگەیە بۆ ناسین و گەیشتن بە حەقیقەتی جوانی و جوانی ڕەها، بەو پێیەی حەقیقەتی بون حەقیقەتی جوانی و جوانی ڕەهاشە، ئامانجی کۆتایی عیشق شتێک نییە جگە لە بینینی جوانی مەعشوق، کە هەمان حەقیقەتی بون و جوانی ڕەهایە" (حسێن، ٢٠١٨: ١٢٦). ئامانجی عیشق گەڕانە بەدوای جوانی ڕەها، کە لە دەرەوەی جیهانی ماددی و هەست پێکراودایە، واتە عیشق ئەو بەشە ڕۆحانیەی مرۆڤە، کە سنورێکی دیاریکراوی نییە و هەمیشە لەگەورەبوندایە، تا ئەو سنورانە پەل دەهاوێژێ کە دەستی عەقڵ پێی ناگات.

## ٣. جوانیناسی لە شیعرە فارسییەکانی خاڵسدا

### ١.٣. حەقیقەتی بون

لە عیرفاندا باوەڕیان بە یەک بون هەیە، کە بونێکی نەگۆڕ و کامل و ڕەهایە، ئەویش بونی خودایە. بونێکە هەر هەبووە و دەبێت واتە بونێکی ئەزەلی و ئەبەدییە، بنەڕەتی هەمو هەبووەکانە. خاڵس وەک عاریفێک حەقیقەتی بون و بونی ڕەها بۆ خودا دەگەڕێنێتەوەو لەو باوەڕەدایە تەنیا یەک بون بونی هەیە، جگە لەو بونە ئەوەیتر کە هەیە جگە لە وێنەی خەیاڵ شتێکی تر نین و بە بونێکی خەیاڵییان دادەنێت، وەک دەڵێت:

| فارسی | وەرگێڕدراوی کوردی |
|---|---|
| ای که داری در شریعت مسند عالیمقام | ئەی ئەوکەسەی وا لە شەریعەتدا پێگەو جێگەی بەرزت هەیە |
| یک دو نکته هست دارم از تو مأمول سئوال | ئاواتی پرسیار کردنی یەک دوو بابەتم لێت هەیە |
| گر وجود توست می گردد به صحرای وجود | ئەگەر بوونی تۆیە کە بەبیابانی وجوددا دەگەڕێ |
| پس وجود حق کجا دارد در آن صحرا محال؟ | کەوابوو وجوودی حەق لەو بیابانەدا چۆنی جێ دەبێتەوە؟ |
| در وجود مطلق حقست، غیر اوست هیچ | ئەگەر وجوودی ڕەهای حەقە جگە لەو، هیچە |
| پس کن این شرک خفی کوتاه کن این قل و قال | تۆش ئەو شەریک دانانە نهێنیە بەس بکەو کۆتایی بەم دەنگ و هەرایە بێنە |
| خالص از اخلاص گوید هردم این نکته بەدل | خالص لە ڕووی ئیخلاس و لە دڵیەوە هەردەم ئەم قسەیە دەکا و دەڵێ: |
| لیس غیر الحق في الکون سوی رسم الخیال لا: ٤٣ | ئەوەی غەیری حەقە لە کائیناتدا، لەوێنەی خەیاڵ بەولاوە شتێک نییە لا:٤٤ |

وجودی حەق چۆن لەو بیابانە جێی دەبێتەوە، کە حەق هەیە ناحەق وجودی نییە، کە وجودی حەق بەردەوام بێت، وجودێک بۆ تۆ نییە، خۆت بە خاوەنی شەریعەت بزانی، جگە لە حەق لە کائینات لە وێنەی خەیاڵ بەولاوە شتێکی تر نییە، کەواتە لێرەدا بۆمان ڕون دەبێتەوە بون لای خاڵس، بریتییە لە بونی خودا، کە بونێکی ڕەهایە، ئەوەی تر جگە لە وێنەی خەیاڵ شتێکی تر نین.

بۆیە خاڵس پێیوایە بونی ڕەها بونی حەقە کەمەبەستی بونی خودایە، کە بونێکی ئەزەلییە وەک دەڵێ:

| فارسی | وەرگێڕدراوی کوردی |
|---|---|
| چشم بگشا، ببین که در دنیا | چاو بکەوە و بزانە جیهان |
| لیس فی الدار غیره و دیار | جـــگە لـەوە، هیچ کـەسـێکی تێدا نییە |
| نست جز روی شاهد ازلی | جگە لـە ڕوخـساری شاهیدی ئـەزەلـی |
| متجلی در انفس و اقطار لا: ٢٧ | هیچ شتێک لە مرۆڤەکان و وڵاتەکاندا ڕەنگ ناداتەوە لا: ٢٨ |

کەواتە لە هزری خاڵسدا تاکە بونێک کە هەیە، بونی خودایە، کە بونێکی ئەزەلیە، ئەگینا جگە لە بونی خودا هیچ بونێکی تر لە مرۆڤ و جیهان ڕەنگ ناداتەوە، بونێک کە ئەزەلی و هەمیشەیی بێت.

خاڵس خودا بەبنەڕەت و سەرچاوەی هەمو هەبووەکان دەزانێت و هەمو هەبووەکان بۆ ئەو بونە دەگەێنێتەوە و بانگەشەی یەک تاکە بون دەکات و لەم شیعرەدا تێڕوانینەکانی سەبارەت بە هەبووەکان بە ڕونی دەردەکەوێت و دەڵێت:

| فارسی | وەگێڕدراوی کوردی |
|---|---|
| نور بخش روی مهر آسمان، پیداست کیست | ئەوەی نوور خەڵاتی ڕووی هەتاوی ئاسمان دەکات، دیارە کێیە |
| جلوه گر در صورت حسن بتان، پیداست کیست | ئەوەی لە ڕوخساری جوانیی بوتاندا دەردەکەوێت، دیارە کێیە |
| دلبریکز هر نظربازی به رنگی دل برد | ئەو دلبـەرەی دڵـی هـــەر نەزەر بـازێک بەشێوەیـەک دەبـات |
| پیش عارف در میان دلبران، پیداست کیست لا:٩١ | لـە لای عـــارف، لـە نـاو دلبـەرانـــدا، دیـــارە کێیە لا:٩٢ |

لە دڵی عارف چ ئەوەی ڕوناکی بە خۆرداوە و وای کردووە بدرەوشێتەوە و ئەوەی لە ڕوخساری شتەکاندا دەردەکەوێت یاخود ئەوەی دڵی هەر کەسێک دەبات خودایە. شاعیر لە دێرێکی تردا دەڵێت:

| فارسی | وەگێڕدراوی کوردی |
|---|---|
| خالصا چشمت پر از گرد و غبار کثرت است | ئـــەی خـــالص چـــاوت پـــڕە لە تـــۆز و خـــۆڵی زۆربینی |
| ورنە، در هر جا هویدا و عیان، پیداست کیست لا:٩١ | دەنا لە هەموو شوێنێک، بەڕوونی و ئاشکرا دیارە کێیە لا: ٢٩ |

شاعیر بنەڕەتی هەموو شتێک بۆ خودا دەگەڕێنێتەوە، چونکە خودا لە هەموشوێنێک دەرکەوتووە و لە هەمو شتێکدا دەبینێت، هۆکارەکەی ئەوەیە چاوی پڕ بووە لە تۆز و خۆڵی ئەو زۆربینە، دەنا لە هەموو شوێنێک بەڕوونی و ئاشکرا دیارە کێیە.
لە هزری خاڵس یەک بوونی تاک و تەنیا بوونی هەیە کە بوونێکی کامل و بێ خەوش و کەم و کورتییە وەک دەڵێت:

| فارسی | وەگێڕدراوی کوردی |
|---|---|
| ای پادشها! منزها! ستارا! | ئەی پادشا، ئەی تاک و بێ خەوش، ئەی داپۆشەری عەیب |
| در وصف تو دم زدنچه یارا؟ مارا | ئێمـــە چـــۆن دەوێـــریـــن لە وەسفی تـــۆدا بـــدوێین |
| این قطره ناچیز بدین محدودی | ئـــەم دلـــۆپە بێ نرخە، بـەو بـەر تـەسکیەوە کە هەیەتی |
| کی حد بنهد بیحدی دریا را لا:٢٧٢ | چۆن دەتوانێ سنوور بۆ بێ سنووری دەریا دیاری بکات لا:٢٧٢ |

خودا ئەو بوونە تاک بێ خەوشەیە، کە هیچ بوونێکی تر بوونی نییە جگە لەو بوونە. بوونی خودا کەوەک دەریا وایە لەبەرامبەر بوونی مرۆڤ کە وەک دڵۆپێکە، جا دلۆپێک کە بەشێکە لە دەریا چۆن دەتوانێت سنور بۆ بێ سنوری دەریا دابنێت. خودا ئەو بوونە بێ سنورەیە کە بوونێکی ڕەهایە، چۆن مرۆڤ کە بەشکە لەو بوونە، دەتوانێت باس لەو بوونە بکات و بیناسێنێت، واتە دروست کراو چۆن دەتوانێت سنور بۆ دروست کەرەکەی دیاری بکات، لە هزری خاڵس خودا بونێکی ڕەها و تاک و تەنیا و بێ خەوش و تەواو(کامله)ە، جگە لەو بونە هیچ بونێکی تر نییە هەمو هەبووەکانی تر جگە لە وێنەی خەیاڵ شتێکی تر نیین. چونکە لە چاوی حەق بیندا جگە لە حەق هەمو شتێک وەکو خەیاڵ خۆی دەنوێنێ.

## ٢.٣. حەقیقەتی بون و جوانی ڕەها

کاتێک لە عیرفان باس لە حەقیقەتی بون دەکرێت، واتە حەقیقەتی بون حەقیقەتی جوانیشە، چونکە وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد حەقیقەتی بون خودایە، خوداش بنەڕەتی هەمو هەبووەکانە، خوداش یەکێک لە سیفەتەکانی بریتییە لە جوانی، زات و سیفەت دو شتی لەیەک جیا نین یەک شتن، واتە سیفەتەکەش بەشێکە لە زاتی خودا، کەواتە خودا هەم حەقیقەتی بونی ڕەها و هەم حەقیقەتی جوانی ڕەهایە، بۆیە خاڵس بونی خودا بە بونێکی بێ خەوش و تەواو ڕەها و بە سەرچاوە و بنەڕەتی هەمو هەبووەکانی دادەنێت. هەر خوداش بە خاوەنی سیفەتی جوانی دادەنێت و ئەم جوانیەش بە بنەڕەتی جوانی هەژماردەکات و دەڵێت:

| فارسی | وەگێڕدراوی کوردی |
|---|---|
| ای کە در هر ذرەای تابان بود سیمای تو! | ئەی ئەوەی وا ڕووخسارت لە هەموو زەڕەیەکدا دەدرەوشێتەوە |
| در دل هـر قطرەای پنهان بـود دریـای تو لا:٢٣ | دەریـــــای تـــۆ لـە نـــاو هـــەمـــوو دلـــۆپـێـکدا شـــاراوەیـــە لا:٢٤ |

جوانی خودای بەدەریا چواندووە و جوانیەکانی تری بە دڵۆپێک لەو دەریایە داناوە، واتە جوانی خودا گشتەکەیە و جوانیەکانی تر هەموی بەشێکن لەو جوانیە، جوانی خودا چونکە بنەڕەتی هەمو جوانیەکانی ترە، بۆیە لە هەمو زەڕەیەکدا ڕەنگی داوەتەوە و لە هەمو دڵۆپێکدا شاراوەیە، دەڵێت:

| فارسی | وەگێڕدراوی کوردی |
|---|---|
| ای برادەر تو چشم خود یکبار | کاکی برا تۆ چاوی خۆت جارێک |
| پـاک کـن از غشـــاوە پنـــدار | لە تـەمی گـومان پاک بکەوە |
| بین کە نور وجود در هر جا | سەیرکە چۆن نور و وجودی حەق لە هەموو شوێنێک |
| زدە بر تو بە هر در و دیوار لا:٢٧ | لە هـەمـوو دەرک و دیـوارێـک شـەوقی لـە تـۆ داوە لا:٢٨ |

ئەو جوانیەی کە لە هەر هەبوێک دەبینرێت، ئەوە جوانی خودی شتەکە نییە، بەڵکو جوانی و وجودی حەقە لە هەبووەکان‌دا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام بینینی ئەو جوانیە چاوێکی دەوێت، کە لە هەمو گومانێک پاککرابێتەوە ئەوکاتە جوانی خودا لە هەر شتێک و لە هەر شوێنێک دەبینێت. بۆیە خاڵس پێیوایە جوانی خودا تایبەت نییە بە شوێن و بە شتێک وەک دەڵێت:

| فارسی | وەگێڕدراوی کوردی |
|---|---|
| عاشقان را جبهە هر ذرە طوری می شود | بۆ عاشقان بەرەی هەر زەڕەیەک دەبێتە کێوێکی توور |
| جلوەگاە حسن جانان خاص کوە طور نیست لا:١١٢ | شوێنی دەرکەوتنی جوانی دڵدار تایبەت بە کێوی توورنییە لا: ١١٣ |

بۆ کەسێک عاشقانە بڕوانێتە جوانی خودا، موسا ئاسا هەمو شوێنێکی بۆ دەبێتە کێوی تور تا جوانی خودای تێدا ببینێت، بۆیە ئەو کەسەی کە عاریفە و خۆی بۆ خودا یەکلایی کردووەتەوە، لە توانای ئەودایە جوانی خودا ببینێت، بۆیە خاڵس عاریف ئاسا جوانی خودا دەبینێت، کە دەڵێت:

| فارسی | وەگێڕدراوی کوردی |
|---|---|
| تا زدە بر تور دل، پرتو انوار یار | لەوەتی شەوقی نووری یار لە تۆڕی دڵی داوە |
| خالص جان باختە سوختە شدهم چو طور لا:٧٢ | (خالص)ی گیان دۆڕاو، وەک کێوی توور سووتاوە لا:٧٣ |

خاڵس لە بەرامبەر جوانی و جەمالی خودا خۆی بێ توانا دەبینێت، ئەوکاتەی جوانی خودا لە دڵی دەردەکەوێت، ئیتر توانای مانەوەی نییە و دەسوتێت، وەکو کێوی توری بەسەر دێت، کاتێک جوانی خودای تێدا دەرکەوتووە.
کەواتە خاڵس خودا بەسەرچاوەی حەقیقەتی بون و حەقیقەتی جوانی دادەنێت، پێی وایە هەمو جوانیەکان دەرکەوتەی جوانی خودان و بۆ ئەو جوانییە دەگەڕێنەوە.

## ٣.٣. یەکێتی بون

حەقیقەتی بون لای خاڵس بریتییە لە بونی خودا، بونێک کە سەرچاوە و بنەڕەتی هەمو هەبووەکانە، هەمو هەبووەکان دەرکەوتن و سێبەری ئەو بونەن:

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp235-245

| فارسی | وەگێڕدراوی کوردی |
|---|---|
| حق کە نور و وصف او بنمودە در عالم ، جمال | حەق کە نووری وەسفی ئەو لە عالەمدا ڕوخساری نواند |
| افتـابسـت و همـە عـالـم ورا باشـد ظلال | هـەتـاوێـکـە و هـەمـوو عـالـەم سـێبـەری ئـەون |
| افتاب و سایە، هردو، در حقیقت واحدند | هـەتـاو و سـێبـەر لـە ڕاسـتیدا یـەک شـتـن |
| مختلف هرچند باشد پیش رؤیت در مثال | گـەرچی لە دەرکـەوتندا لـەبـەر چـاو، لێک جیـاوازن |
| لیک در هر سایەای گشتە بە رنگی جلوە گر | بەڵام ئەو لە هەر سێبەرێکدا بەڕەنگێک خۆی نواند |
| در یکی نـور جـمالش ظاهر و در یک جـلال لا:٤٣ | لەیەکیاندا نووری جەمالی دەرکەوتووە و لەیەکیتردا شەوقی جەلالی لا:٤٤ |

بێگومان شاعیر کە باس لە نوری خودا دەکات نوری خوداش ڕەنگدانەوەی جوانیەکەیەتی، بۆیە باوەڕی وایە خودا هەتاوێکە هەمو هەبووەکان دەردەکەوتن و سێبەری ئەون، چونکە شاعیر باوەڕی وایە بون و جوانی خودا سەرچاوە و بنەڕەتی بون و جوانین، بۆیە دەڵێت هەتاو و سێبەر یەك شتن، واتە بون و هەبو یەکن، چونکە پێیوایە ئەوەی هەیە خودایە. ئەگەر چی لە دەرکەوتندا جیاوازە و لە هەر هەبوێک بە جۆرێک دەردەکەوێت، بەڵام ئەم دەرکەوتنەی خودا لە هەبوێک نیشانەی جەمالی خودایە، کە دەبێتە مایەی دڵخۆشی مرۆڤ لە هەبوێکی تر دەبێتە نیشانەی جەلالی خودا، واتە دەرکەوتنی هەیبەت و شکۆمەندییەکەیەتی بۆ ترس و بەخۆدا چونەوەی مرۆڤەکانە. شاعیر هەمو ئەو فرەیی و زۆرییەی کە هەیە بۆ بونی خودا دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت:

| فارسی | وەگێڕدراوی کوردی |
|---|---|
| هرکجا عاشق نظر بر دار دنیا افکند | عاشق لە هەر کوێیەک بڕوانێتە خانووبەرەی ئەم جیهانە |
| غیر دلدارش نمی بیند در و دیوار را لا:١٠٧ | دەرک و دیـواریـشی بـە دڵـدارەکـەی دەبـینـێت لا: ١٠٨ |

ئەگەرچی لە دەرکەوتنی جۆرێک فرەیی بەدی دەکات، بەڵام لە ناو فرەییەکەدا یەک بون بەدی دەکات، کە بونی خودایە، فرەییەکە لە بونی خودا نابینێت، بەڵکو لە دەرکەوتنەکەیدا دەبینێت، هەمو دەر کەوتنەکان بۆ یەک بون دەگەڕێنێتەوە، لە یەک سەرچاوە بونی خۆیان وەرگرتووە، کە بونی خودایە. ئەمەش مانای یەکێتی بون دەگەیەنێت یەک بون هەیە، بەڵام لە دەرکەوتنیدا زۆرن. هەمو جوانییەکان بۆ جوانی خودا دەگەڕێنێتەوە، دەڵێت:

| فارسی | وەگێڕدراوی کوردی |
|---|---|
| هرجا کە شدم، پر تو سیمای تو دیدم | هەرکوێیەک چووم، شەوقی ڕووخساری تۆم بینی |
| تاب رخ خرشید چە محتاج بیان است لا: ٥١ | درەوشانەوەی ڕووی هەتاو چ پێویستیەکی بە گووتن هەیە لا: ٥٢ |

شاعیر ڕو لە هەر لایەک دەکات جوانی خودای تێدا دەبینێت، بۆیە شاعیر پێیوایە کاتێک کە جوانی خودا دەردەکەوێت، تیشکی جوانی بە ڕونی و ئاشکرا لە هەمو شوێنێک دەبینرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە هەمو دەرکەوتنەکان سەرچاوەی بونیان بوونی خودایە. خاڵس باوەڕی وایە بەیەکتا گەیشتووە، هەر بۆیە چیتر حساب بۆ دەستەڵات و پیاوانی ئایینی ناکات، دەڵێت:

| فارسی | وەگێڕدراوی کوردی |
|---|---|
| من اندر کوە وحدت می زنم لاف وحیدی را | من لەسەر کێوی یەکتایی لافی یەکدانەیی لێدەدەم |
| چە بیمم از شە دوران چە باک از خرقە پوشان لا:٥٩ | چ ترسێکم لە پادشایی سەردەم و چ باکێکم لە خرقە پۆشانە لا:٦٠ |

کاتێک کە بەیەکتا گەیشتووە ئیتر من و ئەو نامێنێت هەردوکیان دەبن بە یەک، ئەوەیتر هەموی لەناو دەچێت تەنیا بونی خودا دەمێنێتەوە، بۆیە خاڵس کاتی گەیشتن بەسەرکەوتن بەسەر نەفسی دادەنێت و دەڵێت:

| فارسی | وەگێڕدراوی کوردی |
|---|---|
| در خرابات مغان خالص بە جست و جوی تو | خالص لە خەراباتی موغان و لە کاتی گەڕان بەشوێن تۆدا |
| خـرقـە را آتش زد در حـلـقـە زنـار شــد لا:٣٢ | عەبای خۆی ئاگر تێبەردا و چووە ناو ئەلقەی زونارەوە لا:٣٣ |

واتە کاتێک کە بە تۆ دەگەم عەبای خۆم ئاگر تێبەردەدەم، واتە بەسەر عیبادەتی ڕواڵەتیدا سەرکەوتم، ئەوکاتەی بە خودا دەگات چیتر پێویستی بە عیبادەتی ڕواڵەتی نامێنت. ئەو کاتەی بەخودا دەگات سەرمەست دەبێت، لای گرنگ نیە ئەگەر گڕپشی تێبەربێت.

کەواتە لای خاڵس یەک بونی حەقیقی بونی هەیە و هەبووەکانی تر دەرکەوتەی ئەو بونەن و بۆ ئەو بونە دەگەڕێنەوە کە بونی خودایە، کە سەرچاوەی گشت هەبووەکانە، خوداش کە خاوەنی سیفەتی جوانییە، ئیتر جوانی خودا لە گشت هەبووەکان ڕەنگی داوەتەوە و دەرکەوتووە، ئەمەش واتای یەکێتی بون دەگەیەنێت.

### ٤.٣. دەرکەوتنی حەقیقەتی بون و جوانی لە گەردون و مرۆڤدا

لە هزری خاڵس هەموو جیهان بریتییە لە دەرکەوتنی خودا، واتە خودا لە هەمو جیهان دەرکەوتووە، کە دەڵێت:

| فارسی | وەگێڕدراوی کوردی |
|---|---|
| چشم عقل و سر نبارد تاب بر سیمای توو | چاوی عەقل و سەر تافەتی دیتنی ڕووخساری تۆی نییە |
| نیست اندر خانقاە و مدروە جز شور تو لا: ٢٣ | جلیوەی تۆ وەها لە هەموو ئافاق دەرکەوتووە لا:٢٤ |

شاعیر وا دەبینێت ئەوە چاوی عەقل و سەرە توانای بینینی ڕوخساری خودای نییە، ئەگینا خودا لە هەمو شوێنێک دەرکەوتو، بەڵکو دەبێ بەچاوی دڵ ببینرێت، چونکە خودا(کنز مخفی)یە. ئەگینا خاڵس باوەڕی وایە گەردون دەرکەوتەی خودایە و خودا لە هەمو زەڕەیەکدا دەرکەوتووە، دەڵێت:

| فارسی | وەگێڕدراوی کوردی |
|---|---|
| ای کە در هر ذرەای تابان بود سیمای تو! | ئەی ئەوەی وا ڕووخسارت لە هەموو زەڕەیەکدا دەدەوشێتەوە |
| در دل هـر قطرەای پنهان بـود دریـای تو لا:٢٣ | دەریـای تۆ لـە نـاو هەمـوو دلـۆپـێـکـدا شـاراوەیـە لا:٢٤ |

کەواتە گەردون دەرکەوتەی خودایە و خودا لە هەمو زەڕەیەکدا دەرکەوتووە، بۆیە پێیوایە لە هەر لایەک بڕوانێت ئەوە خودای تیادا دەبینیت، دەڵێت:

| فارسی | وەگێڕدراوی کوردی |
|---|---|
| برتو رخسار جانان جلوە بر هر جا زدە | تیشکی ڕوخساری دڵدار لە هەموو شوێنێک دەرکەوتووە |
| نیست فرقی در تجلایش در و دیوار را لا:١٠٧ | دەرک دیوار بۆ دەرکەوتنی جیاوازیان لەگەڵ یەکتر نییە لا:١٠٨ |

شاعیر لە دێری پێشتر دەڵێت: ئەگەر پەردەی گومان لەسەر چاوت لابەری، ئەوا خودا لە هەمو شوێنێک دەبینیت، پێیوایە خودا لە هەمو شوێنێک دەرکەوتووە، واتە

بۆ کەسێک کە پەردەی گومانی نێوان خۆی و خودای لادابێت، هیچ جیاوازییەک لە نێوان شتەکان دا نییە بۆ بینینی خودا، چونکە خودا لە هەمو شوێن و شتێک دەرکەوتووە. هەر بۆیە خاڵس جیهان وەکو ئاوێنەیەک دەبینێت بۆ دەرکەوتنی خودا، کە دەڵێت:

| فارسی | وەگێڕدراوی کوردی |
|---|---|
| مرآت جیهان مظهر انوار رخ توست | ئاوێنەی جیهان نوێنگەی تیشکی ڕووخساری تۆیە |
| چونت نگرم چون نەبرون و نەدر آنی لا:١٣٨ | چۆنت سەیر بکەم تۆ نەلەدەرەوە و نەلە نێو ئاوێنە دای لا:١٣٩ |

جیهان ئاوێنەی دەرکەوتنی نور و جوانی ڕوخساری خودایە، بۆیە دەڵێت خودایە تۆ نە لە نێو جیهان و نە لەدەرەوەی جیهان جێت نابێتەوە، واتە تەنیا لە ڕێگەی هەستەکانەوەیە دەبینرێت، نەک تەنیا بە هەستی بینین و چاوی سەر.
وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد خودا خاوەنی سیفەتی جوانییە، سیفەتەکەش بەشێکە لە زاتی خودا، کەواتە گەردونیش بریتییە لە دەرکەوتنی خودا، واتە جوانیەکەشی لە هەمو گەردوندا دەرکەوتووە، بۆیە خاڵس پێیوایە جوانی خودا لە هەمو زەڕەیەکدا دەرکەوتووە، جوانی هەر زەڕەیەک لە جوانی خودا بەدیهاتووە، واتە گەنجینە شاراوەکەی خودا لە هەمو زەڕەیەکدا دەرکەوتووە، دەڵێت:

| فارسی | وەگێڕدراوی کوردی |
|---|---|
| ای نور رخت در دل هر ذره هویدا | ئەی ئەو کەسەی نووری ڕوخسارت لە نێو هەموو زەڕەیەکدا دیارە |
| دیدار تو دیده همه جا دیده بینا لا:٦٧ | چاوی بینا لە هەموو شوێنێک دیداری تۆی بینیوە لا:٦٨ |

ئەگەر نوری ڕوخساری خودا لە هەمو زەڕەیەک دەرکەوتووە و لە هەمو شوێنێک دیارە، ئەمە مانای ئەوەیە جوانی هەمو گەردون دەرکەوتنی جوانی خودایە. بۆیە خودا لە دڵی هەمو زەڕەیەکدا دەبینێت و دەڵێت:

| فارسی | وەگێڕدراوی کوردی |
|---|---|
| نیست به جزشاه عشق صدرنشین صدور | جگە لە پادشای عیشق کەس لەلای سەرەوەی دلان دانەنشتوە |
| در دل هر ذره‌ای کرده جمالش ظهور لا:٧٢ | جەمالی ئەو لە دلی هەموو زەڕەیەکدا دەرکەوتووە لا:٧٣ |

شاعیر جوانی خودا لە دڵی هەر زەڕەیەکا دەبینێت، واتە بنەمای جوانی هەر زەڕەیەک لە جوانی خودا سەرچاوەی گرتووە، بۆیە شاعیر پێیوایە ڕو لە هەر شوێنێک بکەیت یاخود ڕو لە هەر لایەک بکەیت ئەوا جوانی و جەمالی خودا دەبینیت:
لە پێشتر ئاماژەمان پێکرد کە شاعیر چاوی سەر و عقل بە بێتوانا لە بەرانبەر بینینی جوانی خودا دادەنێت ، بۆیە پێیوایە ئەوە دڵە توانای بینینی جوانی خودای هەیە، ئەگینا خودا لە هەمو جیهاندا دەرکەوتووە، بۆیە لە هەمو زەڕەیەک دەرکی پێ دەکەین. لە نێو هەمو گەردون و دروستکراوەکانی خوداش مرۆڤ کاملترینیانە، کە بون و جوانی خودای تێدا دەرکەوتبێت و دەڵێت:

| فارسی | وەگێڕدراوی کوردی |
|---|---|
| آیینه جمالت مطلب نمای جان است | ئاوێنەی ڕوخسارت مەتلەبی گیان پیشان دەدات |
| منبای تا کە چشم بیند در او خدا را لا:١٣٢ | کەوابوو ڕوخسارت بنوێنە تاوەکو چاوم خودا تێدا ببینێت لا:١٣٣ |

ڕوخساری مرۆڤ بووەتە ئاوێنەیەک بۆ دەرکەوتن ڕەنگ دانەوەی خودا تیایدا، بۆیە دەیەوێت سەیری ڕوخساری مرۆڤ بکات، تاکو خودای تیادا ببینێت، هەم گەردون هەم مرۆڤ بوونەتە ئاوێنەیەک بۆ دەرکەوتنی خودا تیایاندا، بەڵام بەهۆی ئەوەی مرۆڤ کاملترین دروستکراوی خودایە، ئاوێنەکەشی کاملترە کە بونی خودای تێدا دەرکەوتووە.
ئەگەر مرۆڤ لە نێو دروستکراوەکانی خودا کاملترینیان بێت، کە بونی خودای تێدا ڕەنگی دابێتەوە و ببێتە ئاوێنەیەک بۆ دەرکەوتنی بونی خودا، بەهەمان شێوە خودا بەوپەڕی کەمالی جوانی خۆیەوە لە مرۆڤ دەرکەوتووە، لە بنەڕەتدا یەک جوانی بونی هەیە کەجوانی خودایە، بەڵام لە دەرکەوتندا فرەیە، کە دەڵێت:

| |
|---|
| وەگێڕدراوی کوردی |
| شەوقی جوانی تۆ لە هەرکەسدا بەشێوەیەک دەردەکەوێت |
| شادی و جەژن و خۆشی خستە نێو عالەمەوە لا:٧٣ |

جوانی خودا لە بنەڕەتدا یەکدانەیە، بەڵام لە دەرکەوتندا فرەیە، چونکە جوانی خودا بە ئەندازەی هەمو مرۆڤەکان دەرکەوتووە، هەرکەسێک جوانیەکی تایبەتی تێدا ڕەنگی داوەتەوە. بەڵام خاڵس باوەڕی وایە تەنیا ئەو دڵانە جوانی  خودا دەبینن، کە ئاوێنەی دڵیان پاککردبێتەوە لە حەز و ئارەزووە دونیاییەکان، دەڵێت:

| فارسی | وەگێڕدراوی کوردی |
|---|---|
| گرد امکان گر نگیرد صفوت مرآت دل | ئەگەر تۆزی جیهانی خاکی لەسەر ئاوێنەی دڵ نەنیشێ |
| بی گمان در خویشتن بینی جمال یار را لا:١٠٧ | بێ گومان لە جەستەی خۆتدا جوانی جەمالی یار دەبینی لا:١٠٨ |

ئەمەش واتای ئەوەیە، ئەگەر مرۆڤ توانی خۆی بناسێت، دەتوانێت خوداش بناسێت، ئەو کات لە جەستەی خۆی خودا دەبینێت و دەبێتە ئاوێنەیەک تاوەکو جوانی جەمالی خودای تیادا ببینێت.

### ٥.٣. مەعریفە و جوانی لە شیعرە فارسیەکانی خاڵس

مەعریفە ناسی عیرفانی هەوڵێکە بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی بون، لە هەمان کات هەوڵێکە بۆ گەیشتن بە جوانی ئەو بونە. واتە هەوڵێکە بۆ گەیشتن بە بون و جوانی خودا، وەک دەڵێت:

| فارسی | وەگێڕدراوی کوردی |
|---|---|
| برو زاهد به کیش خود ممکن دیگر مرا تلقینت | بڕۆ ئەی زاهید، ئاینی خۆت بە گوێمدا مەخوێنە |
| کە من در مذهب عشقم ندانم چیست کفر و دین | مـن لـە ئاینی عشـق دامـ و نـازانـم کـفر و دیـن چـین |
| جزا از زلف و رخ جانان مده ندمر به آن و این | جگەلە زولف و ڕوخساری دلدار نەسیحەتی ئەمە و ئەوم مەکە |
| حدیث کفر ودین پیشم مگو زیرا من مسکین | قسـەی کـفـر و دینـم لـەوە زیـاتـر لـەلا مـەکـە لـەبـەر ئـەوەی مـن |
| به جز رویش نمی بینم ، به جز مویش نمی دانم لا:١٥٥ | جگەلە ڕوخساری ئەو هیچ نابینم و لە زولفی بەولاوە هیچ نازانم لا:١٥٦ |

ئیتر ئەو کاتەی عاریف بە خودا دەگات و عیشقی ئەو لە دڵ و دەرونی ڕەنگ دەداتەوە، ئیتر ئاگای لەوە نامێنێت خۆی بە کفر و دین سەرقاڵ بکات، چونکە تەنیا زوڵف و ڕوخساری دڵداری دێتە بەرچاو و نایەوێت جگە لە جوانی ئەو زولف و ڕوخسارە بەولاوە باسی هیچی تری بۆبکرێت. چونکە لە جوانیە بەولاوە نە هیچ دەبینێت و نە دەشزانێت. بۆیە خاڵس بونی خودای بە دەریا چواندووە و خۆشی بە ماسی داناوە لەنێو ئەم دەریایە و دەڵێت:

| فارسی | وەگێڕدراوی کوردی |
|---|---|
| جان خالص روز و شەب در بحر وحدت نکته گوست | گیانی خالص ڕۆژ و شەو قسەی خۆشی دەریای یەکتایی دەکات و |
| صـبر و آرامــی ندارد هـمچــو ماهــی انـدر آب لا:١٢٧ | وەک مــاســی نـێـو ئـاو ئـۆقـرە و ئـارامــی نـیـیـە لا:١٢٨ |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp235-245

لە عیرفاندا عاریفی کامل بە ماسی چوێندراوە و زات و سیفاتی خوداش بێ سنورە و بە دەریا چوێندراوە، خاڵس خۆی بە ماسی نێو ئەم دەریایە هەژمارکردووە و پێی وایە، کەلە دەریای مەعریفەی خودایی مەلەوان و پسپۆڕە، هیچ کاتێک لەم دەریایەدا ون نابێت و لێی جیا نابێتەوە.

مەعریفەی عیرفانی هەوڵێکە بۆ گەیشتن بە بون و جوانی خودا، مەعریفەکەش مەعریفەیەکی ناوەکییە و سەرچاوەکەی بریتییە لە دڵ، بۆیە خاڵس باس لە گرنگی و گەورەیی دل دەکات و دەڵێت:

| فارسی | وەگێڕدراوی کوردی |
| --- | --- |
| در سماء روح و ارض جسم نبود مسکنت | لە ئاسمانی ڕۆح و ئەردی لەشدا، شوێنت نابێتەوە |
| من عجب دارم کە چون در سینە باشد جای تو لا:٢٣ | پێم سەیرە چۆن لە سینگدا جێت دەبێتەوە لا:٢٤ |

دەکرێت بڵێین واتای ئەم دێرە شیعرە کورتکراوەی واتای ئەو فەرمودە قودسیەیە کە دەفەرموێت، ئەرز و ئاسمان جێگەی منی تێدا نابێتەوە، بەڵام دڵی بەندەی خاوەن بڕوا جێگەی منی تێدا دەبێتەوە. کەواتە دڵێک نیشینگەی خودا بێت و هەڵگری خودا بێت بێگومان ئەو دڵە هەڵگری مەعریفەی خوداش دەبێت و دەبێتە ئامرازێک بۆ بەیەک گەیاندنی خودا و مرۆڤ. بۆیە خاڵس تەنیا دڵ بە شوێنی هەڵگرتنی ڕازی خودا دەزانێت و دەڵێت :

| فارسی | وەگێڕدراوی کوردی |
| --- | --- |
| سرعشق اندر دل دیوانە می گیرد قرار | نهێنی عیشق لەدڵی شەیدا جێگیر دەبێت |
| گنج پنهان در میان خانە معمور نیست لا:١١٢ | گەنجی شاراوە لە ماڵی ئاوەداندا نییە لا:١١٣ |

کەواتە جوانی خوداوەند کە گەنجێکی شاراوەیە تەنیا لە ڕێگەی دڵەوە پێی دەگەین، بەڵام بۆ گەیشتن بەو گەنجە شاراوەیەی خودا، دڵێکی دەوێت ئاوەدان نەبێت بە ئارەزووە دونیاییەکان و پاککرابێتەوە لەم حەز و ئارەزوانە. چونکە لە دڵی مرۆڤ دو شت بەیەکەوە کۆ نابنەوە. واتە عیشقی خودا لە دڵێکی وێران، دڵێکی شکاو لە حەز و ئارەزووە دونیاییەکان جێگیر دەبێت.

ئەو کەسەی بەڕاستکۆیی عشقی خوداوەند دەبێت، جگە لە ڕەزامەندی ئەو هیچ شتێکی تری لە دڵ دا نییە، بەڵام خاڵس پێیوایە ئەمە بە هەمو کەس ناکرێت و ناتوانێت ئەنجامی بدات، دەڵێت:

| فارسی | وەگێڕدراوی کوردی |
| --- | --- |
| اندیشە عشقت دل هر کس نتواند | بیری عیشقی تۆ لە توانای دڵی هەموو کەسدا نییە |
| اوضاع خیالت دل خونین جگران است لا:٥١ | دۆخی خەیاڵت لە دڵی ئەوانەدایە کە جەرگیان خوێناویە لا:٥٢ |

واتە هەمو دڵێک توانای هەڵگرتنی مەعریفەی خودای نییە، تەنیا لە توانای دڵێکدایە کە ئامادە کرابێت، ئەمەش پێویستی بە تەزکیە و خۆ پاککردنەوە لە ئارەزوە نا پەسەندەکان هەیە. تا دڵێک بێت جێگای ئەو مەعریفەیەی تێدا ببێتەوە.

ئەگەر مەعریفەی عیرفانی هەوڵێک بێت بۆ گەیشتن بە بون و جوانی خودا، ئەوە سەرچاوەکەی بریتییە لە دڵ و لە ڕێگەی دڵەوە پێی دەگەین، چونکە مەعریفەیەکی ناوەکییە، هەمو ئەو مەعریفەش لە ڕێگەی عیشقەوە پێی دەگەین، چونکە ئەوە عیشقە وا دەکات عاریف بە جوانی و جەمالی خودا بگات. خاڵس عیشق بە بنەمای ئافراندنی عالەم و ئادەم دەزانێت و دونیا بە دەرکەوتەی عیشق دادەنێت، دەڵێت:

| فارسی | وەگێڕدراوی کوردی |
| --- | --- |
| عیشق است کز او عالم و آدم شدە پیدا | ئەوە عیشقە کە عالەم و ئادەمی لێوە پەیدا بوون |
| عشق است دل مردەدلان را کند احیا | عیشقە کە دڵی دڵمردووان زیندوو دەکاتەوە |
| این جلوە عشق است بە هر جاست هویدا لا:٢٢٩ | ئەوە دەرکەوتنی عیشقە لە هەموو لایەک بەرچاوە لا:٢٣١ |

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت جوانی ڕەها جوانی خودایە، عیشقی خوادش بۆ جوانی خۆی وادەکات گەردون و مرۆڤ بئافرێنێت تاوەکو جوانی خۆی تیادا ببینێتەوە، بۆیە لە هزری خاڵس ئەوە عیشقە گەردون و مرۆڤی هێناوەتە بون، بۆیە پێیوایە ئەوەی دەرکەوتووە لە بون و جوانی بەرهەمی عیشقی خودایە بۆ جوانیەکەی، لە هزری خاڵس عیشق ڕێگەیەک بۆ ناسین و گەیشتن بە خودا، دەڵێت:

| فارسی | وەگێڕدراوی کوردی |
| --- | --- |
| چو بلبل بر گل رویت ز بس نالیدم ای طناز | ئەی شۆخی بەناز ئەوەندە وەک بولبول بۆ گوولی ڕووت ناڵاندم |
| روان شد خون دل از چشم و افتادیم از اواز لا:٢٥٥ | خوێنی دڵم لە چاومەوە سەر و کرد و لە ئاواز گوتن کەوتم لا:٢٥٧ |

هێندە بۆ جوانی ڕوخساری گریاوە ناڵاندویەتی تا پێی بگات، فرمێسک لە چاوی نەماوە و لە گوتن کەوتووە، بە هۆی ئەو گڕەی لە ناخی دایە، بۆیە خاڵسی گەیاندووەتە ئەو باوەڕەی کە لە عیشقدا توشی هەزار دەرد و بەڵا دەبێت، دەڵێت:

| فارسی | وەگێڕدراوی کوردی |
| --- | --- |
| خالص بە عشق خوبان باید بلا کشیدن | خالص لە عیشقی جوانانـدا دەبێ باری بەڵا بکێشی |
| نشنید و ندیدە کس بی عشق بی بلا را لا:١٣٢ | کەس نەیدیوە و نەیبیستوە عیشقی بێ بەڵا هەبێت لا:١٣٣ |

عاریف تا بەعیشقی خودایی دەگات، دەبێت هەزار بەڵای بکێشێت، چونکە بەپلەی عیشقی جسمانی و ڕۆحانیدا تێپەڕ دەبێت تابە عیشقی خودایی دەگات. ئەمەش کێشە و بەڵای زۆری هەیە. هەمو ئەمانەش بۆ کەسێک کە مەست و سەرخۆشی دڵدارەکەی بێت، هیچ یەکێک لەمانەی ناهێتە بەر چاو، دەڵێت:

| فارسی | وەگێڕدراوی کوردی |
| --- | --- |
| مست می عشقت نکند میل بە غیلمان | ئەو کەسەی سەرخۆشی مەیی عیشقی تۆیە مەیلی غیلمانی |
| تا صبح قیامت بە جمالت نگران است لا:٥١ | بەهەشتی نییە و هەتا بەیانی قیامەت تەماشای جەمالی تۆ دەکات لا:٥٢ |

بۆ کەسێک بە مەیی عیشقی خوداوە سەرخۆش و مەست بێت، نە جوانی حۆری و نە جوانی بەهەشت گرنگی نییە، تەنیا جوانی خودای لا گرنگە و تەنیا ئەوی مەبەستە، بۆیە ئەو عیشقە گۆڕان بەسەر عاریف دا دێنێت و دەیگەیەنێتە ئاستێک بە خودا بگات.

| فارسی | وەگێڕدراوی کوردی |
| --- | --- |
| تانگردد عشق در دل منجلی | تاعیشق لە دڵدا تیشک نەداتەوە |
| لا یکون مستعدا للجلا لا:٩٤ | ئامادە نابێ بۆ ئەوەی بدرەوشێتەوە لا:٩٥ |

کەواتە سەرچاوەی وەرگرتنی مەعریفەی خودایی دڵە، بەڵام ئەوەی وایکردوە ئەم دڵە بگەشێتەوە عیشقە. بۆیە شاعیر گۆڕان و درەوشانەوەی دڵی خۆی لە عیشقدا دەبینێتەوە.

## ٤. ئەنجام

١. حەقیقەتی بون لە هزری خاڵس، خودا بونێکی ڕەها و تاک و تەنیا و بێ خەوش و تەواوە، جگە لەو بونە هیچ بونێکی تر نییە، هەمو هەبووەکانی تر جگە لە وێنەی خەیاڵ شتێکی تر نین، بۆیە بونی مرۆڤ لای شاعیر دڵۆپێکە لە بونی خودا.

٢. لە هزری خاڵس خودا حەقیقەتی بون و حەقیقەتی جوانیشە، پێیوایە هەمو جوانیەکان تەجەللا و دەرکەوتنی جوانی خودان، بونی خودای بە سەرچاوە و بنەڕەتی هەمو هەبووەکانی دادەنێت. خوداش کە خاوەنی سیفەتی جوانییە، بە سەرچاوەی هەمو جوانییەکانی دادەنێت و بە بنەڕەتی هەمو جوانییەکانی هەژمار دەکات.
٣. لای خاڵس یەک بونی حەقیقی بونی هەیە و هەبووەکانی تر دەرکەوتەی ئەو بونەن و بۆ ئەو بونە دەگەڕێنەوە کە بونی خودایە، کە سەرچاوەی گشت هەبووەکانە، واتە سەرچاوەی هەمو هەبووەکان بونی خودایە، خوداش کە خاوەنی سیفەتی جوانییە، ئیتر جوانی خوداش لە تەواوی هەبووەکان ڕەنگی داوەتەوە و دەرکەوتووە، ئەمەش واتای یەکێتی بون دەگەیەنێت.
لەهزری خاڵس گەردون بریتییە لە دەرکەوتەی خودا، خودا لە دڵی هەر زەڕەیەک دەرکەوتووە، گەردون وەکو ئاوێنەیەک دادەنێت بۆ دەرکەوتنی خودا، بەڵام مرۆڤ بە کامڵترین ئاوێنە دادەنێت کە بون و جوانی خودای تێدا دەرکەوتبێت.
لای خاڵس سەرچاوەی وەرگرتنی مەعریفەی خودایی دڵە، بەڵام چ دڵێک داماڵرابێت لە هەرچی سیفەتی دونیاییە و هەڵگری سیفەتی خودایی بێت، چونکە پێیوایە هەمو دڵێک توانای هەڵگرتنی مەعریفەی خودای نییە، تەنیا لە توانای دڵێکدایە کە ئامادە کرابێت، ئەمەش پێویستی بە تەزکیە و خۆ پاککردنەوە لە ئارەزووە ناپەسەندەکان هەیە. تا دڵێک بێت جێگای ئەو مەعریفەیەی تێدا ببێتەوە.

## سەرچاوەکان:


**قورئانی پیرۆز**

ئەرستۆ(٢٠١١)، هونەری شیعر، و.عزیز گەردی، چاپی دووەم، سلیمانی، چاپخانەی گەنج.

ئەفلاتوون، (٢٠١٥)، فایدۆن، چاپی دووەم ، سلیمانی، چاپخانەی پەنجەرە.

ئیسماعیل، ڕێبین ڕەسوڵ(٢٠١٢)، ئەپستمۆلۆژیاو فەسەفە، چاپی دووەم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی شیهاب.

الماضی، شکری عزیز(٢٠١٠)، تیۆری ئەدەب، و. سەردار ئەحمەد گەردی، چاپی یەکەم ، هەولێر، چاپخانەی ماردین.

حسێن، کازم شێخ (٢٠١٨)، جوانی ناسی عیرفانی، چاپی یەکەم ، سلیمانی، چاپخانەی گەنج.

حسێن، جەبار ئەحمەد(٢٠٠٨)، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق(١٩٥٠-١٩٧٠)، چاپی یەکەم ، سلیمانی، دەزگای چاپ پەخشی سەردەم.

شکار، سەبور عبدالکریم(٢٠١٤)، چەمکی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانای ڕۆمی دا، چاپی یەکەم، چاپخانە تاران.

شێخ محەمەد، سەنگەر قادر(٢٠١٢)، فەلسەفەی شیعر و شیعری فەلسەفی، چاپی یەکەم ، هەولێر.

عەلی، بەختیار و قەرەداغی هێمن(٢٠١٢)، مەعریفە و ئیمان، چاپی یەکەم، سلیمانی، چاپخانە کارۆ.

کەمال، محەمەد(٢٠١١)، ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ، چاپ سێیەم ، سلیمانی، چاپخانە یاد.

کەمال، محەمەد(٢٠١٤)، فەلسەفەی بوون، چاپی یەکەم، تاران، چاپخانەی رجایی.

کەمال، محەمەد(٢٠١٧)، فەلسەفەی کانت ، سلیمانی، چاپخانەی سەردەم.

مستەفا، ئاسۆ عومەر(٢٠٠٩)، بەها ئیستاتیکیەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران، چاپی یەکەم، ، دهۆک چاپخانەی خانی.

مەتەر، ئەمیرە حیلمی(٢٠١٩)، فەلسەفەی جوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا،

میران، ڕەشاد(٢٠١٢،, مەعریفەو تاک و کۆمەڵ لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفەوە، چاپی یەکەم ، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.

نەقشبەندی، شێخ امین شێخ علاءالدین(٢٠١٥)، تەسەوف چییە، چاپی سێیەم، چاپخانەی چوارچرا.

وەرتی، ئەحمەد ابراهیم(٢٠١٦)، تیۆری مەعریفە لە نێوان قورئان و فەلسەفەدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم.

ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد(٢٠١١)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، سلێمانی، چاپخانەی بینا.

ئەحمەد، هێمن عومەر(٢٠١٤)، هێرمۆنتیکای شیعری سۆفیانەی(مەحوی)، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی، سکولی زمان، فاکەلتی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

رواندی، محەمەد عبدالرحمن ابراهیم(٢٠٠٤)، عیشق لەلای مەلای جزیری و شیرازی، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

زەندی، سیروان جەبار ئەمین(٢٠١١)، مەعریفە و حەقیقەت لە نێوان فەلسەفەو عیرفان لە شیعرەکا٠نی (مەحوی)دا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

سولتانی،ئەنوەر (٢٠١٤)، جەزبەی عیشق دیوانی مەولانا شێخ عەبدورحمانی تاڵەبانی خاڵس